زۆزک سەلاح
یاریزانی شەترەنجی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# هیوای گەورەم ئەوەیە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم

زۆزک سەلاح یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی تیپی شەترەنجی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقە و جگە لەوەی ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی وەرزشیی فیکریی شەترەنجە، خەریکی کاری ئەندازیاریی شارستانییە. زۆزک بۆ هەریەک لە یانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٥تاکو ٢٠٠٣ و پێشمەرگەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا بەردەوامە لە یانەکە و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیشە، وەک خۆی باسیدەکات خەونی زۆرە لە بواری یاریی شەترەنج و دەیەوێت لە داهاتوو هەوڵ بۆ چەندین نازناو بدات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی شەترەنج لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- شەترەنج لە کوردستان بەم ساڵانەی دوایی بەرەوپێشچووە بە شێوەیەك کە هەڵبژاردەی عێراق زۆربەی ساڵەکان سێ یاریزانی کوردی لە کۆی پێنج یاریزان هەبووە، بۆ ئاستی تازەپێگەیشتووانیش بەهەمان شێوە بووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی شەترەنج لە شارەکانی کوردستان بەرز ببێتەوە؟**

-یاریی شەترەنج پێویستی بە پاڵەوانێتی زۆرە و ئەو راهێنانەی کە دەکرێ، دەبێ لە پاڵەوانییەتییەکان تاقییان بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین تا چەند سەرکەوتوو بووین، بە شێوەیەکی گشتی پاڵەوانیەتی کەم دەکرێتەوە لە ئاستی کوردستان، بەڵام لە شارەکانی عێراق و بەتایبەتی لە بەغدا باشترە لە چاو شارەکانی دیکە. باشترین شت کە ئەم یارییە بەرەوپێش ببات، ئەوەیە کە یاریزانی زۆر باش دروست بکرێ، پێویستە لە قوتابخانەکانەوە بناغەی بۆ دابنرێ و راهێنەر بۆ هەموو ئاستەکان دابین بکرێ و پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی بکرێ.

*** گرفتی یاریی شەترەنج زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-گرفتی ئەم یارییە ئەوەیە یارییەکی سادە نییە کە هەموو کەسێك بیزانێ، یارییەکی تاکی و هێمنە و پاڵپشتی ناکرێ وەك ئەو یاریيانەی کە تۆپی تێدایە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-پێشتر لە یانەی ئیتساڵاتی شاری بەغدا گرێبەستم پێشکەش کرا، بەڵام یانەی پێشمەرگەی سلێمانیم پێ باشتر بوو کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵە لەو یانەیەم.

*** وەکو یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-لەداهاتوودا دەمەوێت ببمە هەڵگری نازناوی (IM) کە خۆم لە ئێستادا هەڵگری نازناوی (FM)م.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی کە یانەکان پشت بە راهێنەری بیانی ببەستن، بەتایبەت یارییەکەی ئێوە کە ئەزموونی زۆری پێویستە؟**

- ئەگەر هەر یانەیەك راهێنەری تایبەتی هەبێت، بیانی بێ، یان ناوخۆیی ئەوا لە ماوەی ساڵێك تا سێ ساڵ ژمارەیەکی زۆر یاریزان دروست دەبن کە بتوانن کێبڕکێی وڵاتانی دیکەش بکەن.

*** لە خانەوادەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

-پێشووتر دوو برای خۆم ئەم یارییەیان دەکرد، بەڵام ئێستا تەنیا بەخۆمم.

*** خەونی وەرزشیت لەم یارییەدا چییە؟**

-خەونی وەرزشیم ئەوەیە کە بتوانم ببمە هەڵگری نازناوی (GM) کە کارێکی زۆر قورسە و دەتوانم بڵێم کارێکی ئەستەمە، بەڵام هەوڵی بۆ دەدەم.

*** ئایا هیواخوازی ئەوەی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئەم یارییە دابمەزرێ؟**

- بێگومان، هیوای گەورەم ئەوەیە بەناوی هەڵبژاردەی کوردستانەوە یاری بکەم.

*** بەچ یاریزانێکی شەترەنجزان سەرسامی؟**

- بە یاریزان کاسباڕۆڤ سەرسامم کە تام و چێژی خۆی هەیە یارییەکانی و ماوەیەکی زۆرە وازی لە یاری هێناوە.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان چییە؟**

- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی شەترەنج بکەن کە یارییەکی تاکییە و خەرجی کەمە و یاریزانی باشمان هەیە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم و هیوام وایە کارێك بکرێ بۆ پێشخستنی وەرزش لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و شەترەنج بەتایبەتی و بودجەی تایبەت بۆ وەرزش دابنرێ.



# ئەرژەنتینیەک
# ئامانجی مانچستەر یۆنایتدە

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا بڵاویانکردووە، دەستەی کارگێڕی یانەی مانچستەر یونایتد بەڵێنی بە مۆرینیۆ داوە لە گواستنەوەی زستانە و هاوینی داهاتوودا گۆڕانکاری لە یانەکەدا بکات و چەند یاریزانێک بگوازێتەوە.

لەلایەن خۆیەوە مۆرینیۆ لیستی چەند ناوێکی پێشکەشی یانەکەی کردووە و لە یەکەم ناودا ماورۆ ئیکاردی هێرشبەری ئینتەرمیلان هاتووە.

مۆرینیۆ دەیەوێت کێشەی هێرشبەر لە یانەکەدا چارەسەربکات و دەیەوێت هێرشبەرە ئەرژەنتینییەکە بگوازێتەوە یانەکەی و لەگەڵ لوکاکۆ دووانەیەکی بەهێز درووستبکات.

بەمەبەستی گواستنەوەشی، مانچێستەر یونایتد ئامادەیە بڕی ١٠٠ ملیۆن پاوەند بۆ ماورۆ ئیکاردی خەرجبکات لە گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا.



# هێرشبەرێکی ئیتاڵی لە سزایەکی قورس ڕزگاری بوو

جۆسێپی ڕۆسی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە سزای ڕاگرتن ڕزگاری بوو، هەرچەندە سەلمێندراوە ماددەی وزەبەخشی بەکارهێناوە.

دەسەڵاتدارانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی وزەبەخش لە ئیتاڵیا داوایان کردووە جۆسێپی ڕۆسی بۆ ماوەی یەك ساڵ لە یاریکردن سڕبکرێت، دوای ئەوەی لە پشکنینەکاندا دەرکەوتووە، ماددەی دۆرزۆلامایدی قەدەخەکراوی بەکارهێناوە، کە وا باوە لە قەترەی چاودا بۆ چارەسەری پزیشکی بەکاردەهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا وا لێکدەدرێتەوە یاریزانەکە ئەو ماددەیەی بۆ شاردنەوەی ماددەیەکی دیکەی وزەبەخش بەکارهێنابێت.

ڕۆسی ئێستا تەمەنی ٣١ ساڵە و تاوەکو وەرزی ڕابردوو یاریزانی یانەی جەنەوا بوو، بەڵام ئێستا پێکانی هەیە و یاری ناکات.

جۆسێپی ڕۆسی ساڵی ڕابردوو پشکنینی بۆ کراوە و ئێستا لەسەری سەلمێندراوە، کە ماددەی وزەبەخشی بەکارهێناوە، بەڵام سزانادرێت و تەنیا ئاگادارکراوەتەوە.





# جۆرجینا پشتگیری لە رۆناڵدۆ دەكات

گۆڤاری (دێر شپیگڵ)ی ئەڵمانیا ئابڕووچۆنێكی كریستیانۆ رۆناڵدۆی بە وێنە بڵاو كردووە و ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە كریستیانۆ لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستدرێژی كردۆتە سەر خانمێكی ئەمریكا، لە بەرامبەر ئەم دەنگۆیانە جۆرجینا رۆدریگێزی هاوژینی كریستیانۆ كە ٢ منداڵی لە ئەستێرە پورتوگالییەكە هەیە لە تویتێكدا بێدەنگی خۆی شكاند.

بە گوێرەی سەرچاوەكە كریستیانۆ لە شاری لاس ڤیگاسی ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٠٩ چۆتە یانەیەكی شەوانە و داوای لە خانمێك كردووە بە ناوی (كاسرین مایۆرگا) تا سەمای لەگەڵ بكات و پاشان دەستدرێژی سێكسی كردۆتە سەر، لەبەرامبەردا كریستیانۆ ٣٧٢ هەزار دۆلاری داوەتە ئەم خانمە تا بێ دەنگ بێت و سكاڵای لەسەر تۆمار نەكات، بەڵام ئێستا هەمان خانم لە دادگایەكی ئەمریكا ئەم دۆسییەی هەڵداوەتەوە و سكاڵای لەسەر كریستیانۆ تۆمار كردووە و دادگاش سكاڵای ئەم ژنەی بڵاو كردەوە، كە تێدا نووسیویەتی كەسێك بە نێوی كریستیانۆ رۆناڵدۆ تاوانبار كراوە بە دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر (كاسرین مایۆرگا).

لە بەرامبەر ئەم دەنگۆیانە جۆرجینا رۆدریگێز لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر نووسیویەتی: خۆشەویستەكەم تۆ گەورەتری لە هەموو ئەو شتانەی دەخرێتە بەردەم، تۆ توانای ئەوەت هەیە بەسەر هەموو بەربەستەكاندا زاڵ بیت، خۆشم دەویت.



# بیرلسكۆنی ئەستێرەیەكی بەڕازیلی دەگەڕێنێتەوە یاریگاكانی ئیتاڵیا

رۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی رایگەیاندووە، ملیاردێر و سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا سێلڤیۆ بێرلسكۆنی دەیەوێت گرێبەست لەگەڵ ریكاردۆ كاكا واژۆبكات و ئەو یاریزانە بباتە یانەی مونزا.

یانەی مۆنزا، كە بێرلسكۆنی خاوەندارییەتی دەكات دەیەوێت كاكا تەمەن ٣٦ ساڵ بگەڕێنێتەوە نێو یاریگەكان سەرەڕای ئەوەی وازی لە یارییكردن هێناوە.

پەیوەندییەكی بەهێز نێوان بێرلسكۆنی و كاكا هەیە، دوای ئەوەی ئەم یاریزانە لە ساڵی (٢٠٠٢) پەیوەندی بە یانە ئیتاڵیەكە كرد و توانی خولی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەكانی ئەوروپا بە دەستبهێنێت.

بیرلسكۆنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا پەیوەندییەكانی لەگەڵ میلان تەواوبوو یانەی مۆنزای پلە دووی ئیتاڵیای كڕی و ئەدریانۆ گالیانی، كە لە میلان زۆر هاوكاریی كرد لە یانەكە وەك بەڕێوەبەری جێبەجێكار كاردەكات.

ماڵپەری فۆتبۆڵ ئیتاڵیا رایگەیاند، بێرلسكۆنی و گالیانی دەیانەوێت كاكا بگەڕێننەوە نێو یاریگەكان و بۆ بەبازاركردنی یانەكە ماوەیەك لە یانەكەدا یاری بكات بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتییەكی بەهێز و سوود لە پەیوەندییەكانی نێوانیان وەربگرن.

كاكا لە میلان گەیشتە لووتكەی ئاستی و لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٩ باشترین ئاستی پێشكەشكرد، دوای ئەوە چووە ریال مەدرید و گەڕایەوە میلان، پاشان روویكردە خولی ئەمریكا و لە یانەی ئۆرلاندۆ سیتی یارییكرد دواتر بەیەكجاری وازی لە یاریكردن هێنا.

# گۆڵپارێزێکی کورد گرێبەستی چەند یانەیەکی دەرەوەی عێراقی رەتکردەوە

یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەموو ساڵێك بەر لە دەستپێکردنی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی چاویان لە تواناکانی یاریزانانی کوردە و یاسین کەریم گۆڵپارێزی کوردی پێشووی یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی بۆ ئەمساڵیش هەر لە ریزی یانەی مینا مایەوە، بەهۆی پێنەدانی مۆڵەتی گواستنەوە لەلایەن یانەکەی باشووری عێراق، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵیش لە ریزی یانەی مینای شاری بەسرا ماومەتەوە، بەهۆی پێنەدانی مۆڵەتی گواستنەوە لەلایەن یانەی مینا، من ئەمساڵ گرێبەستم لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی نەجەف و تەلەبە و زەورا بۆ هات، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە یارییان بۆ بکەم، وەکو گۆڵپارێزێکی کورد ویستم یاری بۆ یانەیەکی دیکە بکەم، بەڵام یانەی مینا هەموو هەواڵەکانی منی رەتکردەوە، داوای بەردەوامبوونیان لێ کردووم.» لەبارەی گرێبەستی دەرەوەی عێراقیش گوتی: «گرێبەستم بۆ هاتبوو لەلایەن یانەیەکی وڵاتی ئێران و یانەیەکی پلە یەکی سعودی و یانەی داڵکوردیش، بەڵام ئەوانیشم رەتکردەوە، حەزم لە یاریکردن بوو لە خولی نایابی عێراقی، ئێستاش بە هەر جۆرێك بێت، بەردەوامم لەگەڵ یانەی مینا، دەمەوێ لەم وەرزەش ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی باشووری عێراقی پێشکەش بکەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرز بکەمەوە.» گوتیشی: «یاریکردن لە ریزی یانە گەورەکانی خولی عێراق تام و چێژێکی زۆری هەیە، کە وەکو کوردێك بتوانێ لە پاڵ کۆمەڵێك ئەستێرەی یانەکانی دیکە بتوانی ئاستی خۆت رابگری و کێبڕکێ لەگەڵ یاریزانەکانی دیکە بکەی، منیش خزمەتی ئەو یانەیە دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی گەورە لەگەڵ یانەکە بەدەست بهێنم، هاندەرانی ئەو شارەش زۆر رێزمان لێدەگرن، ئەوەی لە تواناشم بێ وەکو گۆڵپارێزکی کورد، خزمەتی ئەو یانەیە دەکەم، یانەی میناش یانەیەکی بەهێزی خولی عێراقییە و خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە سەر ئاستی عێراق، ئەوانیش دەیانەوێ کێبڕکێ بکەن لەم وەرزە بۆیە ئەوەی لەتوانام بێت کەمتەرخەمی ناکەم.»



## پێشمەرگەی هەولێر پێکهاتەیەک

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵ دەیەوێت جیاواز بێت لە چاو ساڵانی رابردوو، جیاواز لە وەرزەکانی تریش کە یانەکە کۆمەڵێك ئەستێرەی لەخۆ دەگرت و کێبڕکێی لە سەر پلەکانی یەکەمی ریزبەندی یانەکان دەکرد، ئەمساڵیش دەیانەوێت بە یاریزانانی لاوی یانەکە شەڕی ئەنجام بکەن لە خولەکە، لەم بارەشەوە سەمیر بابۆ راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بەردەوامە بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵانی رابردوو یانەکەمان سیستەمی هێنان و سەرخستنی یاریزانی لاوی پەیڕەو کردووە، لە ئێستاشدا یانەکەمان پێکهاتەیەکی تەواو لاوی هەیە بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێ.» لە بارەی هێنانی یاریزانانی دیکەش بۆ یانەکە

## یانەی سۆران داوای هاوک

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی سۆران، ستافی راهێنەرانی یانەکەی بۆ وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، تیپی تۆپی پێی یانەکەش چەندین ساڵە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەشداری دەکات بە کۆمەڵێك یاریزانی دەڤەرەکەیان، بەڵام دەرئەنجام تەنیا مانەوەیان لە خولەکە بۆ مسۆگەر دەکرێت، ئەمساڵیش تاکو ئێستا یانەکە خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە بۆ بەشداریکردن لە وەرزی نوێ بە هۆی کۆمەڵێك گرفتەوە، لەم بارەشەوە فەرمان ئیسماعیل بەرپرسی راگەیاندن و دارایی یانەی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا خۆمان یەکلایی نەکردۆتەوە بۆ بەشداریکردن لە خولی پلە یەکی کوردستان، چونکە





## ـــــــــى لاوی درووست کردووە

گوتی: «لە چاو ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی کەمی یاریزانانمان هێناوەو ژمارەیەکی زۆریشمان لە یانەکە نەماون، تەنیا چەند یاریزانێك ماونەتەوە، بۆیە بە زۆری یاریزانانی لاومان سەرخستووە بۆ تیپی یەکەم.» لەبارەی گرفتەکانی تیپەکەش گوتی: «تاکو ئێستا هیچ گرفتێك لە تیپەکەمان بوونی نییە و بەردەوامین لە مەشقەکانمان و دەمانەوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، وەکو راهێنەریش هیوای زۆرم هەیە کە بتوانین بەم یاریزانە لاوانە ئەنجاممان هەبێت لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، متمانەی تەواویشم بەم پێکهاتەیە هەیە، ئەگەر ئەمساڵیش نەتوانین سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکەین، دەتوانین بۆ وەرزەکانی داهاتوو پێکهاتەیەکی باش دروست بکەین.»

## ـــــــــاری دەکات

پێویستیمان بە هاوکارییەکی باش هەیە بۆ یانەکە، ئەگەر هاوکاری نەکرێن، رەنگە بکشێنەوە لە خولەکە، چونکە خاوەنی هیچ داهات و سەرچاوەیەکی دارایی نین، وەك زۆربەی یانەکان کە ئەگەر کەمیش بێت، بەڵام برێك داهاتیان هەر هەیە.» گوتیشی: «تاکە یانە لە کوردستان کە بێ یاریگا بێت، یانەی سۆرانە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی ئیدارەی شاری سۆران، ئەگەرنا ئێمە وەکو یانە بەردەوام و بۆ چەندین جار داوامان لە گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، لە قایمقامیەتەوە بگرە تاوەکو خودی وەرزارەتی رۆشنبیری و پارێزگار و ئەنجومەنی وەزیران، راستەقەیرانە و حکومەت ئەمرۆ بەرنامەی دروستکردنی یاریگای نییە، بەڵام ئێمە داوامان کردووە یاریگای ناو بازاڕی سۆران کە هی زەمانی (ادارة محلیة) لەو رۆژەی دروست کراوە یاریگای سۆران بووە، بەردەوام وەرزشوانان یارییان تێدا کردووە، ئێستا بەبێ پرسی یانە و وەرزشوانان کردوویانەتە موڵکی شارەوانی کە ئێمە بەردەوام دەبین لەبەدەستهێنانی موڵکییەتی بۆ یانەی سۆران بگەڕێتەوە، وەکو هەموو یانەکانی تری کوردستان تاوەکو بتوانین لە رێگای وەربەرهێنانەوە بە چاودێری حکومەت و بە رێنمایی دەستەی وەربەرهێنان پرۆژەیەکی وەرزشی و یاریگایەکی هاوچەرخ بۆ سۆران دروست بکەین کە چەندین وەربەرهێن ئامادەییان بۆ ئەو مەبەستە دەربڕیوە.» ئەوەشی دووپات کردەوە کە «برێکی زۆر پارە قەرزارن» و گوتیشی: «تاوەکو ئێستا ناتوانین هیچ بەرنامەیەك بۆ دانەوەی قەرزەکان دابنێین، چونکە هیچ داهاتمان لەبەر دەست نییە، بودجە لە حکومەت براوە، چۆن قەرز بدەینەوە؟ تاکو ئێستاش بۆ چارەسەرکردنی گرفتی دارایی تیپەکەمان سەرچاوەیەکی داراییمان بۆ یانەکە نەدۆزیتەوە.»

